کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-8-2007 12:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەریز وەزیری پەروەردە ئەمە چی پی دەلێن!؟ ... نیاز عەزیز**

ووەڵاتەکەمان وای لێهاتووە تا ئەگەر ئاوی ماڵەکەشت بێت دەبێت واستەت هەبێت، هیچ شتێك ناروا بەبی واستە جگە لەوەش هەموو کارێك بووتە میزاجیەت نەك یاسا. ئەو کەسەی بەرپرسە بە پی ی میزاجی خۆی کارەکان رادەپرێنی. دەمەویت نمونەیەکی زۆر بچوك بخەمە بەر چاوتان دەربارەی پەروەردەی گشتی هەولێر. خێزانەکەم ماموستایە، بە پی ی یاسا هەر ماموستایەکی سەرەتایی دووساڵ خزمەتی تەواو کرد دەتوانی داوای خۆی پێشکەش بکات بچێتەوە زانکۆ. بۆیە بەشێوەیەکی یاسایی داواکەی پێشکەش کردوو لە رێگای پەوەردەی خۆی بەرز کرایەوە بۆ پەروەردەی گشتی. لە لایەن برادەرێکەو نوسراوەکەی بردبووە پەروەردەی گشتی هەولێر لای (نجم الدین) ناوێك وتی زۆر بەشێوەیەکی نارێك وەلامی دامەوە بە تورەیەکەوە کە گوایە کات بەسەر چووە. وتی بەلام هەر لەوی یەکێك وتی نەخێر کات تەواو نەبووە تا ئێستا لیستیا نە ناردووە. دوایی چەند رۆژێك سەبارەت بەو بابەتە بەریز سەرۆکی یەکێتی ماموستایانی کوردستانم ئاگادار کردووە جەنابیشی ئگاداری کردینەوە بچینە لای (کاك عبدالواحید) لە وەزارەتی پەوەردە، خیزانەکەم چوو بووە لای ئەو بەریزە ئەویش پی وت بوو نەخێر کات تەواو نەبووە نامەیەکی پی دابوو بۆ کاك (نجم الدین) . لەگەل (2-3) کەس چوبونە لای (نجم الدین) وتی لە پێش ئەو هەموو خەڵك درۆیەکی بۆ هەڵبەستم کە گوایە ئیمزای ئەوانم تەزویری کردووە دوایی وتی تا تێمان گەیاند کە ئێمە نینە و یەکەم جارە دەیبینین پاش ئەوەی کە ئیهانەی کردبوین داوای لێبوردنیشی نەکرد، بە هەر حال دیسان کارەکەی جی بەجی نە کرد. بۆ دوا جار خۆم لەگەڵی چومەوە وەزارەت لای کاك (عبدالواحید) ئەویش لای من تەلەفۆنی بۆ کرد وتی کەی ئێمەکاتمان دانەوە بۆ ئەو بابەتە جارێکی تر دیاننێرمەوە لات بۆیان جی بەجی بکا شتێکی یاسایەو حەقی خۆیانە. ئەو جارە لە رۆژی (8/27) خوم چومەوە لای ئەو بەرێزە کە ناوی (نجم الدین) ە لە پەروەردەی گشتی هەولێر بەلام خێزانەکەم پی گوتم وتی ئاگات لێبێت پیاوێکی بی احترامە و ئەوەی مرقایەتی بێت لای نیە بە هەر حال کە چومە ژورەوە سلاوم کرد نازانم نە وەری گرتەوە نە نا هیچ دەنگی نەهات منیش پێم وت ماموستا بۆ ئەو کارە هاتوم کە لە وەزارەت تەلەفۆنیا بۆ کردی، کە وام ووت ئەو پیاوە وەکو ئاگر بەرەو رووم بووەو ئەوەی قسەی ناشیرنە کردی، وتم ماموستا سەر لەسەر خوت من کەسێکی بازاری نیمە لە فلانە شوێنم ئەوجارە خراپتری کرد و وتی بە وەزیفەت هەرەشەمان لی دەکەیت ئەو هەموو خەلکەی لی کۆکردینەوە دیسان ناسنامەی رۆژنامە نوسیم پیشاندا زیاتر توشی هێستریا بوو وتی برۆ چی دەنوسی بنوسە بزانە چۆن دەت خەمە زیندان!!؟؟

(ئەو جنێوانەی ناوبراویش لەسەر مۆبایلەکەم تۆمار کراوە)

بە هەر حال من نە ئەو برادرە نەدەناسم نە دەزانم کی یە یەکەم جاریشە لە ژیانم دەیبینم بەلام هەر ئەوانەی لە ناو پەروەردەی پێیان وتم تۆ چیت دیوە! ئەی ئەگەر چوو بایە لای ماموستا فارس چیت دەکرد!!؟؟ بەراستی کارەساتە ئەمە ئیدارەی پەروەردەی یە حەزدەکەم وەزارەت خۆی لیکۆلینەوە بکە کە ئەمە نمونەیەکی زۆر بچوکە کە رۆژانە چەندان کەس بەم شێوەیە ئیهانە دەکرێت ئەوجا نازانم ئەمە چی پی دەلێن!؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.